**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٧٠٢ لە ٢٠٢٠/١/٣٠**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ ساڵی ٢٠٠٩ و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کورۆنا) لە هەرێمی کوردستان و عێراق بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:-

**بەیانی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**تایبەت بە ڕێگرتن لە ڤایرۆسی (کورۆنا)**

**یەکەم:-** قەدەغەکردنی پێدانی ڤیزەی ئەلکترۆنی و هاتنەژوورەوەی گەشتیارانی چینی لە ڕێگای دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ.

**دووەم:-** قەدەغەکردنی هاتنە ژوورەوە لە ڕێگای دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو کەسە بیانیانەی کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٤ بەدواوەوە سەردانی وڵاتی چینیان کردووە.

**سێیەم:-** ئەو هاووڵاتییە عێراقییانەی کە لەووڵاتی چین دەگەڕێنەوە لە ڕێگای دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان پێویستە لە خاڵە سنوورییەکان جیابکرێنەوە وپشکنینی ووردیان بۆ بکرێت لەلایەن تیمە پزیشکییەکانی وەزارەتی تەندروستی بە مەبەستی دڵنیابوون لە تووش نەبوونیان بە ڤایرۆسی کورۆنا.

**چوارەم:-** پێویستە تیمە تەندروستییەکان لە گشت خاڵە سنووریەکان پشکنینی سەرەتایی بۆ گشت ئەو گەشتیارانە ئەنجام بدەن کە لە ڕێگای دەروازە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان دەگەنە هەرێم.

**پێنجەم:-** داوا لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەین کە گەشتەکانیان بۆ ووڵاتی چین دوا بخەن تا ئەو کاتەی کە ئاگادار دەکرێتەوە.

**شەشەم:-** پێویستە گشت فەرمانبەران و کارمەندانی دەروازە سنوورییەکان ڕیگەکانی خوپاراستن بگرنە بەر لەپێناو پاراستنیان لە تووشبوون بەو ڤایرۆسە و پشکنینی بەردەوامیان بۆ ئەنجام بدرێت.

**حەوتەم:-** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**